سودانی بەفەرمی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا پێشوازی لە سەرۆکی لوبنان دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی پێشوازی لە سەرۆکی کۆماری لوبنان کرد

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵڵع کەوتووە بڵاویکردەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە لە ڕێوڕەسمێکی پێشوازیی فەرمیدا و لەگەڵ گەیشتنی بۆ بەغداد پێشوازی کرد لە سەرۆک کۆماری لوبنان جۆزێف عەون، و پاسەوانی شەرەف سروودی نیشتمانی هەردوو وڵاتی ژەنی.

وتیشی هەردوولا گفتوگۆی فەرمی ئەنجامدەدەن، کە باس لە پەیوەندییە گشتییەکانی عێراق و لوبنان و ڕێگاکانی بەهێزکردن و پەرەپێدانیان لە ئاست و بوارە جیاجیاکاندا دەکات، جگە لە خستنەڕووی دۆخی گشتی ناوچەکە و دەرفەتەکانی پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی.